# ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی نۆهەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

خوێنەرانی بەڕێز ئەوەی دەیخوێننەوە بەشی دووهەمی ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی نوهەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە. شایانی باسە بەشی یەکەمی ئەم ڕاپۆرتە لە پێشڕەوی ژمارە 242دا چاپ و بڵاوکرایەوە بەڵام لەبەر چەند هۆکارێك چاپ کردنی بەشەکانی تری بەدوا کەوت و هەوڵ دەدەین لەم ژمارە بەدواوە بە بەردەوامی سەرجەم ڕاپۆرتەکە بڵاو بکەینەوە.

بەشی یەکەم

زەمینەی بابەتی گەشەی بزووتنەوەی سوسیالیستی

شایی لۆغانی نئۆلیبڕالیزمی سەرکەوتوو لە ساڵی 1989ی زاینیی دا و لەناو جەرگەی تەپ وتۆزی ڕووخانی دیواری برلین ودوایین هەناسەکانی یەکێتی سۆڤیەتدا و کۆتایی شەڕی سارد و ڕاگەیاندنی نەزەرییەی کۆتایی مێژوو لە لایەن ئیدئۆلۆگەکانی بورژوازی، زیاتر لە 10ساڵی نەخایاند. لەو سەردەمەدا هێرشی بەربڵاوی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان لە سەراسەری جیهان بۆ سەر ئاستی ژیان و بارودۆخی دژواری کاری چینی کرێکار ودەسکەوتەکانی بزووتنەوەی کرێکاری، هاوکات لە گەڵ شەپۆلی بە هێزی پڕوپاگەندەی دژی کۆمۆنیستی، هەڵسووڕانی کۆمۆنیستی تا ڕادەیەك ئاستەم کردبوو. لەوسەردەمەدا پڕوپاگەندەکانی لیبرالیزمی نوێ هەوڵی ئەوەی دا کە ئەوەی ڕوویدا بە کۆتایی و نەمانی کۆمۆنیزم ناوی لێ بنێ وبە سە رخۆشی هاواری دەکرد بۆ هەمیشە مەیدانی نەبەردی بە سوسیالیسم بەجآ هێشتوە. لە ناو جەرگەی وەها بارودۆخێکدا بوو کە پۆست مۆدێرنیزم ومەکتەبەکانی تری سەر بە ئەو ڕەوتە هوشداریان دەدا کە هەر چەشنە دژایەتییەك لە گەڵ سەرمایەداری لیبراڵ بە مانای بوژاندنەوەی توتالیتاریزمە.

ڕوودانی یەکەمین قەیرانی گەورەی ئابووریی دوای شەڕی جیهانی دووهەم کە لە دەیەی 70ی زایینی سەدەی بیستەم رووی دا و کۆتایی بە پرۆسەی ڕەونەقی ئابووریی دوای جەنگ هێنا، بواری بۆ هاتنە کایەی لیبرالیزمی نوێ خۆش کرد، لە ساڵەکانی دەیەی 80ی زایینی رۆناڵد ریەگان لە ئەمریکا ومارگارێت تاچر لە ئینگلستان بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە بە ڕیوە بردنی گەڵاڵەی بازاڕی ئازادیان دەسپێکرد. تا کۆتایی ئەم دەیە مەیدانەکانی نێونەتەوەیش بۆ گشتگیری ئەم گەڵالانە ئامادە کرابو. ئەزمەی قەرزەکانی «جیهانی سێهەم» ئامرازی پێویستی بۆ ناچار کردنی ئەو وڵاتانە بۆ بەڕێوەبردنی بە

رنامەکانی نئۆلیبراڵی ئامادە کرد. رووخانی یەکێتی سۆڤییەت و بلوکی شەرق هەلی دەست پێراگەیشتنی بۆ ناوچەکانی بلوکی پێشوو بە تایبەتی لە ئوروپای ناوەندی و رۆژهەلات رەخساند.

لە گەڵ رووخانی شوورەوی، پەیوەندییەکانی نێو نەتەوەیی سەردەمی شەڕی سارد بە مەبەستی دابەشکردنی دونیا بۆ ناوچە کانی ژێر نفوزی دوو زلهێزی دونیاش هەڵوەشایەوە. ئەمریکا هەوڵی دا لە بۆشاییەکی دەسەلات کە لە دونیای دوای شەڕی سارد دا پێك هاتبوو کەڵك وەربگرآ و بە پاڵپشتی هێزی نیزامی دەسەلاتی خۆی بە سەر چارەنوسی جیهان دا لە ژێر ناوی « نەزمی نوێی جیهانی» دابمەزرێنآ. ئەو پرۆژەیە سەر نەکەوت. هێرشەکانی ئامریکا لەم دەورەیە دا بۆ رۆژهەلاتی ناوە ڕاست، ئافریقا وبالکان، کە وەك « دەستێوەردانی بەشەر دۆستانە« ناوی لێ دەبرد نە تەنیا سەقامگیریی بە شوێنەوە نەبوو بەڵکوو ئەو ولاتانەشی کێشاوەتە نێو شەڕێکی هەمەلایەنەوە. ئەم ناوچانە بە کردەوە بوونەتە ناو چەگەلێکی بێ دەوڵەت وناسە قامگیر، بونەتە شوێنی رەمبازێن وململانێی تاقم وگروپە جۆراوجورە چەکدارەکان. بەم شێوەیە ناوچەکانی بێ دەوڵەت، بون بە یەکێك لە ئاشکراترین تایبەتمەندییەکانی جیهانی لە سەردەمی بۆشایی دەسەلاتی دوای شەڕی سارد.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییە گشتییەکانی ئەم سەردەمە رەوتی ناسراو بە جیهانگیری بوو. کە بەم پێش فەرزەوە هاتبووە کایە وە کە لە نەبوونی شوورەوی لە مەیدانی سیاسەتی جیهانی دا، سەرمایە هەر چی زۆرتر بەرینتر کاتەوە و بێ ئەوەی ئاسەوارە کۆمەلایەتییەکانی ئەم دیاردەیەش لە بەر چاوبگرێ لەم دەورەیەش دا ئێمە شاهیدی هاتنە کایەی بزووتنەوە گەلێکی سیاسی وکۆنەپەرەستانەین کە ریشەکەی لە کردەوەی سیاسی وئابووری نیزامی سەرمایەداری دایە ولە شێوەگەلی وەك» مەزهەبی، فاشسیتی وناسیۆنال شۆوینستی وگروپ وتاقمە جۆراوجورەکانی تر، خۆیان نیشان داوە.

سەرجەم ئەم بزووتنەوانە پایەکی مادی وخاڵی هاوبەشیان هەیە کە لە نەبوونی رەوتێکی رادیکاڵ وسۆسیالیست کە بتوانێ هاوسەنگیی هێز لە بەرژەوەندی جەماوەری خەڵکی دا بگۆڕێ، هاتوونەتە کایەوە و بواریان بۆ گەشەی رەوتی کۆنەپەرەستانە ی خۆیان خۆش کردووە. رووداوی یازدەی سێپتامبر نیشانی دا کە لە گەڵ گلوبالیزاسیۆنی ئابووریی، نارەزایەتی کۆنەپەرە ستانەش دەتوانێ لە دژی نیزامی ئابووریی وسیاسەتی ئەمپریالیستی گلوبالیزە بێت. رووداوی 11ی سێپتامبر دەسپێکی هاتنە کایەی سەردەمێکی تازە لە سیاسەتی جیهانی دا بوو. سەردەمێك کە بۆشایی دەسەلاتی دوای شەڕی سارد کۆتایی پآ هاتوە وئەمپریالیزم هەوڵی خۆی بۆ شکڵ دانی نەزمێکی نوێی جیهانی بە پێی مەیل وگەلاڵەکانی خۆی، دەست پێکردووە .

شەڕ لە ئەفغانستان و لە عێراق وداگیرکردنی ئەم ولاتانە هەمووی ئەو بەشە لە هەوڵی ئامریکا بوون لە پێناو دابین کردنی رێبەرایەتی خۆی بە سەر جیهاندا. ئامریکا تەواوی هەوڵی خۆی خستبوەگەڕ هەتا نیزامی پەیوەندییەکانی نێو نەتەوەیی لە گەڵ نەزمێك کە خۆی دەیهەویست شکڵ پێ بدا و لەم بوارەشدا ئامانجی سەرەکیی ئامریکا بۆ ئەم ئەڵترناتیوە، کەڵك وە رگرتن لە هێزی نیزامیی بوو. مەبەستی سیاسەتی شەڕەنگێزانەی ئامریکا، پێکهێنانی پێگەیەکی بەهێز بوو لەو ناوچانەی کە سەرچاوەی گەورەی سەروەتن لە جیهاندا و تەسبیت کردنی دەسەلاتی سەرەڕۆیانەی خۆی بوو لە بەرانبەر سەرجەم زلهێزە گەورەکانی نەیاری لەم ناوچانەدا.

ئیدعای وەکوو دامەزراندنی «دێموکراسی» و «ڕیشەکێش کردنی تیرۆریزم» و بە هێز کردنی سکۆلاریزم ومۆدێڕنیسم وهی تر، سەرپۆشیك بوون کە لە لایەن بڵندگۆکانی تەبلیغاتیی ئەمپریالیستی لە گۆشە وکەناری جیهاندا دەکران. بەڵام زۆری نە خایاند کە سەرجەمی ئەم ئیدعایانە وەك بڵقی سەر ئاو تەقینەوە.

دەخاڵەتی نیزامیی وسیاسیی ئامریکا لە هیچ گۆشەیەکی دونیا و بگرە لەم دوو وڵاتەش سەقامگیری بە شوێنەوە نەبوو. تە نانەت ناکۆکییەکانی پەرپێدا و تێك هەڵچوونەکانی مەحەللی و ناوچەیی توندتر کردەوە.

لە عێراق شار و ناوچەکان بونەتە مەیدانی رمبازێنی شەڕی عەشیرەیی وتایفی وتاقمە مەزهەبییەکان وگروپە ترۆریسیتییە کان. خەڵکی ستەملێکراوی عێراق لە ناو جەرگەی شەڕی ئامریکا وتیرۆرریزمی کوێری ئیسلامیدا قەتڵی عام دەکرێن. زیاتر لە 40 لە سەدی خەڵکی ئەم وڵاتە بە دەست بێکارییەوە دەناڵێنن. 4میلیۆن هاوڵاتیی عێراق ئاوارەن و شوێنێکیان بۆ ژیان کردن نییە. لە هەر 3منداڵی عێراقی یەکیان دەرس ومەدرەسەیان تەرك کردوە. سیستەمی بێهداشتی ئەم وڵاتە بە کردەوە وێران بووە. بە پێی ئاخرین سەر ژمێرییەکان 650هەزار کەس گیانی خۆیان لە دەس داوە و 4میلیۆن کەس ئاوارە وبێ ماڵ وحاڵ بوون.

سکۆلاریسمێك کە لە ئەفغانستان بەڵێنیەکەی درابوو بە هاتنە سەرکاری رژیمێکی ئیسلامی لە سەر بنەمای ئیتلافێکی قە بیلەیی و عەشیرەتی و مەترسی هاتنەوە سەرکاری سەر لە نوێی رەوتی تاڵیبان هەتا دێت لە واقعییەت نزیك تر دەبێتەوە. سە رباری وەڕێخستنی کەمپەینی بەرینی جیهانی و خەرج کردنی میلیاردها پوڵ، تیرۆریزمی کوێری ئیسلامی نە تەنیا کۆنترۆڵ نەکرا، بەڵکوو مەترسی دارتر و رێکخراوتر لە جاران خەریکە خۆی دەخزێنێتە پایەتختەکانی وڵاتانی ئوروپا. ئە مرۆکە شەڕ و پێکدادانەکان لە یەکەم رۆژەکانی شەڕ لە ئەفغانستان بەرینتر بوەتەوە. وەك چۆن شەڕە قەومی و مەزهەبیەکان لە وڵاتانی باڵکان گەورەترین تراژیدی ئینسانی لە ماوەی ئەم چەند دەیەدا لێ کەوتەوە، گرژی وئاڵۆزیی وململانێی دیکەش لە گۆشە وکەناری جیهان هەروا بەردەوامە.

ئەم بابەتانە لە گۆڕەپانی سیاسەتی ئێراندا زیاتر لە هەر شتێکی تر لەقاو دەدرێ سیمای رەوتەکانی سەڵتەنەت تەڵب، لیبراڵی، سوسیال دێموکرات و ناسیۆناڵیستەکانە کە ستراتێژی سیاسییان لە سەر بنەمای دیپلۆماسیی ناوچەیی دەوڵەتی ئامریکا دامەزراوە و جۆرێك بانگەشەیان دەکرد کە شەپۆلی جیهانی دێموکراتیزاسیۆن سەرەنجام ئێرانیش دەگرێتەوە و سکۆلاریزم و مۆدێڕنیتە بەدی دێنێ و هیوای خۆیان بەستۆتەوە بە روخانی رژیمی کۆماری ئیسلامی کە بەلای دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکان و بە تایبەت ئامریکا و ململانێیەکی سەرچاوە گرتوو لەو مەسەلەیە.

بەسەرکەوتنی ئۆلگوی سەرمایەداریی بازاڕی ئازاد بەسەرۆکایەتی نئولیبراڵیزم و دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان لە وڵاتانی دواکە وتوو بە پێی رێنوێنی ناوەندەکانی وەك سندوقی نێونەتەوەیی پوڵ و بانکی جیهانی، سیاسەتی تەعدیلی پێکهاتەیی و نۆژ نکردنەوەی ئابووری گونجاو لەگەڵ پێویستییەکانی سیستەمی جیهانی نئولیبراڵی لە رێڕەوی کەرتی تایبەتی بەرین، بێکار کردنەکان، هێنانە خواری ئاستی کار و پیشە و ئاوەڵاکردنی هێزی کار، بڕینی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و پەرە پێدانی بازرگانی ئازاد، پرۆسەی گونجاندنی سیستەمی ئابووری خۆی لەگەڵ ناوەندە ماڵییەکانی جیهانییان گرتۆتەبەر. لە راستیدا

ئەم سیاسەتانە هێرشێكی ئاشكرای چینی سەرمایەدارە لە دژی چینی كرێكار لە ئاستی جیهاندا. لە ژێر دەسەڵاتی سیستمی ئابووری نئولیبراڵی لە چەند دەیەی رابردوودا، پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی كە لە بنەڕەتدا بەرهەمی خەباتی بێوچانی چینی كرێكار بوە، پاشەكشەی پێكراوە و ئولگوی ئابووری لیبراڵیزمی نوێ و نیزامی بازاڕی ئازاد، نەتەنیا بارودۆخی كۆمەڵایەتی چین و توێژە بن دەستەكانی كۆمەڵایەتی باشتر كردوە بەڵكو رۆژبەرۆژ زیاتر نوقمی هەژاری و رۆژ رەشی بوە. هەر ئێستاكە زیاتر لە هەر سەردەمێكی تر چەمكی بە جیهانی بوونی سەرمایە پەرەی سەندوە. جیهان لە ژێر دەسەڵاتی نیزامی سەرمایەداریدا وەك بازاڕێكی تاك جەمسەری لێهاتوە. سەرمایە لە تەواوی دونیادا دەستێكی باڵای هەیە، سەرەڕای هەموو ئەوانەش نیزامی سەرمایەداری بە هۆی قەیرانی وجوودی خۆی و پێكهاتەكەی و ناكۆكییە لە ئاشتی نەهاتوەكانی و چارەسەر نەكراوەكانییەوە، نەتەنیا ناتوانێ كۆتایی بەو گیروگرفتانە كە تەنگیان بە كۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەڵچنیوە بێنێ، بەڵكو ئەم گیروگرفتانە لە ئاستێكی بەرینتردا بە شێوەی هەمیشەیی، بەرهەم دێنێتەوە. لە حاڵێكدا كە پێشكەوتنی پێش پێ نەگیراوی تێكنۆلۆژی و خولقاندنی كار، بێكارییان كردۆتە دیاردەیەكی پێكهاتەیی و بۆتە گیروگرفتێكی كۆمەڵگای پێشكە وتووی سەرمایەداری و تەنانەت لەو كۆمەڵگایانەی كە لە حاڵی گەشەكردنیشدان، نیزامی سەرمایەداری هیچ بەدیل و ئاڵترناتیوێكی بۆ رزگار بوون لەو گیرو گرفتە كە داوێنی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە، پێ نیە. ئەمرۆكانە دەیان میلیۆن بێكار لە وڵاتانی ئوروپایی دا هەیە، رێژەی بێكاری لە هێند نزیك بە ٣٠٠ میلیۆن كەسە، بە میلیۆن بێكار لە ئافریقا هێمایەك بۆ باشتر بوونی نابیندرێ، رێژەی بێكاری لە ژاپۆن و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا روو لە زیاد بوونە و لە وڵاتانی ئورووپای رۆژهەڵات لایەنێكی نەناسراوی بەخۆیەوە گرتوە. لە بارودۆخێكی ئەوتۆدا زۆری نەخایاند هەتا ناوەرۆك و مانای راستەقینە ی سەركەوتنی نیئۆلیبراڵیزم و ئۆلگوی سەرمایەدارییی بازاڕی ئازاد و قەوارە پێدان بە جیهانی تاك جەمسەری بە سەرۆكایە تی ئامریكا بە شێوەیەكی بەرینی جەماوەری لەقاو بدرێ و خۆشباوەڕی و تەوەهوومی خێرای بێ جێ نشین بوونی نیزامی سەرمایەداری دابڕمێ و جارێكی تر تارمایی كۆمۆنیزم بەسەر سەری كۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا تێ بپەڕێ.

لە سەر نوێنگەی ئەم بارودۆخە بەرچاوەدا كە شاهیدی سەرهەڵدانی سەرلەنوێی بزووتنەوەی چەپ لە گۆشەوكەناری جیهاندا هەین، گەشەی بزووتنەوەی كرێكاری لە ساڵەكانی رابردوودا لە وڵاتانی پێشكەوتووی سەنعەتی، داخوازی ٣٥ ساعەت كار لە حەوتوودا بەبێ كەمبوونەوەی حەقدەستەكان كە هەر رۆژە دەبێتە خواستی بەشێكی بەرینتر لە بزووتنەوەی كرێكاری لە ئاڵمان و فڕانسە و ئیتالیا، نەتەنیا بەدیل و ئاڵترناتیوێكە بۆ بەگژدا چوونەوەی بێكاری بەرین بەڵكو لە هەمانكاتدا ئامانجی بردنە سەری ئاستی پشوودان و وەدەست هێنانی سەربەخۆیی بەمەبەستی كەڵك وەرگرتن لەو وڵاتانە بۆ هەڵسووڕانی سیاسی و كۆمەڵایەتی خستۆتە بەرنامەی كاری خۆیەوە كە بەبێ ئەو هەنگاوانە هەوڵدان بۆ پێكهێنانی گۆڕانكاری راستەقینەی كۆمە ڵایەتی زۆر دژوارە. لە ئامریكای لاتین و لە وڵاتانێكی وەك وێنێزۆئیلا، بولیوی، برزیل و ئارژانتین، بزووتنەوەی لەبەر گرتن و كۆنترۆڵی كارخانەكان بزووتنەوەیەكی واقعییە. ئەم بزووتنەوەیە كە سنوورەكانی نەتەوەیی بەزاندوە لەم وڵاتانە توانیویە بە داهێنانی بەكردەوەی خۆی و هەڵخڕاندنی جەماوەری كرێكار بەشێك لە داخوازییەكانی خۆی بەسەر دەوڵەتەكاندا سەپاندوە. لە بولیوی ئاستی بزووتنەوەی كرێكارن بۆ كۆنترۆڵی كارخانە، لە ناوەندەكانی بەرهەم هێنان تێپەڕ بووە و لە هەندێك بواردا چە

کدار کردنی کرێکاران و جوتیارانیشی لە دەستوری کاری خۆی داناوە و خۆی بە ئاڵترناتیو بە مەبەستی ڕێبەری کردنی خەباتی جەماوەری لە کۆمەڵگا و شکڵ دان بە دەسەڵاتی داهاتووی خۆی دەزانێ هەروەها گەشە و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی چەپ لە ئوروپا و ئامریکا لە دوو ئاستی گرینگدا بووەتە ڕەوتێکی بەرچاو:

یەکەم بزووتنەوەی دژی جیهانی بوونی سەرمایە(گلوبالیزاسیۆن)و دژی بە جیهانی کردنی سەرمایەداری کە بەگشتی بە رینترین بزووتنەوەی بەکردەوەی چەپ لە ئاستی جیهانیدایە و نارەزایەتییەکانی خۆی ئاراستەی بەشێك لە ئاکام و لایەنەکانی سیاسەتی نێئولیبراڵیستی لە ئاستی جیهانیدا کردوە. نارەزایەتییەکانی سیاتێل(١٩٩٩)، واشینگتۆن(٢٠٠٠)، پراگ(٢٠٠٠)، کبك(٢٠٠١)، جێنوا(٢٠٠١) و... گۆڕەپان و بوارێکی ترن بۆ گەشەی بزووتنەوەی چەپ و بەرینتر کردنەوەی ئاسۆی سۆسیالیستی. ئەگەرچی ئەم بزووتنەوەیە توانای گەورەی بۆ هەڵخراندنی جەماوەری لە دژی ئاکامەکانی سیاسەتی لیبراڵیزمی نوێ و لەقاودانی ناوەرۆکی ئەم سیاسەتانە لە ئاستی نێونەتەوەیی لە خۆی نیشان داوە، سەرەڕای هەمووی ئەوانە نەبوونی ستراتێژێکی روون و باوەڕپێکراوی سیاسی، گەورەترین خاڵی لاوازییەتی. ناکۆکی و روون نەبوون لە نێو ڕێکخەرانی ئەم بزووتنەوەیە کە خاوەنی نەریت و بۆچوون و روانگەی یەکگرتوو نین، لەسەر نێو دانانی بۆ ئەو نیشانەی ئەم راستییە. بە گشتی بزووتنەوەی دژی گلوبالیزاسیۆن، بزووتنەوەیەکی راستەوخۆی سیاسی نیە بەڵکوو بزووتنەوەیەکە لە دژی سیاسەتەکانی لیبراڵیزمی نوێ، ڕێکخراوە جیهانییەکان، دەوڵەتە گەورەکان و شیرکەتە گەورەکانی نێونەتەوەیی و لە ئاکامدا تەنیا حوکمی گروپێکی زەخت هێنەری گەورەیە. خاڵێکی لاوازی ئەم بزووتنەوەیە بەشدارییی جەریاناتی لایەنگری جیهانی سێهەم هەتا ئاستی پەرەپێدەرانی پەیوەندی فەرهەنگی و (پەسامۆدێرنیستەکان) لەم بزووتنەوەیە لە وڵاتانی رۆژئاوایی دایە. هەروەها لە ئاستێکی بنەمایی تردا تایبەتمەندکردنی ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ ڕەوتی دژی جیهانی بوونی سەرمایە، ئێستاکەش سەرچاوە گرتوو لەم تێگەیشتنە هەڵەیە کە بەشێك لە ڕێبەرانی ئەم بزووتنەوەیە، سەرچاوەکانی بەڵا و نەهامەتی کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا لە ئارادایە، لە ناوەرۆکی نیزامی سەرمایەداریدا نابینن بەڵکو لە گەشەکردنی ئەم نیزامە بۆ قۆناغی جیهانی بوون دا دەبینن، لە کاتێکدا کە خودی دیاردەی جیهانی بوون لە لایەنی مێژووییەوە ڕەوتێکی گەشەکردووە و حاشا هەڵنەگرە. سۆسیالیستەکان ناتوانن دژی ئەم ڕەوتەی گلوبالیزاسیۆن ببن. ئاڵترناتیوی سۆسیالیستی دژی جیهانی بوون نیە بەڵکو ڕێکخستنی بزووتنەوەیەکی جیهانی دژی سەرمایەدارییە بە ئاسۆیەکی سۆسیالیستییەوە. تەنانەت ئەم بزووتنەوەیە بە پێی ڕەوشتی نێونەتەوەیی خۆی و هەوڵدان بۆ بەسیجی هێز لە ئاستی جیهانیدا بۆ پێشڕەوی کردن دەبێ ئاسۆی سەرکەوتنی خۆی لە خەبات دژی ئاکامەکانی جیهانگیری سەرمایەداری بەربڵاوتر بکات و خەبات لە دژی تەواویەتی نیزامی سەرمایەداری بخاتە دەستوری کارەوە و یان بە واتەیەکی تر هەوڵی هەڵسووڕاونی کۆمۆنیست لەم بزووتنەوەیەدا دەبێ گرێدان و ئاوێتە بوونی خەباتی دژی جیهانگیری لەگەڵ دژی سەرمایەداری بێ. ئاسۆی دژە سەرمایەداری کە بێگومان دەبێ هەوڵی تێکۆشانی مارکسیستەکان بێ، دەبێ ڕێبەریی خۆی لەو بزووتنەوەیەدا نیشان بدات. دووهەم بزووتنەوەی میلیۆنی دژی شەڕ کە لە پانتایی هەموو جیهان لەگەڕ دایە. ئەم بزووتنەوەیە، بزووتنەوەیەکی گەورەیە کە پشتی بە توێژێکی بەرینی جەماوەری بەستوە و هێزێکی بە هێزە کە دەتوانێ شەڕخوازان ناچار بە دەست هەڵگرتن لە سیاسەتی شەڕەنگێزانەی خۆی بکات. ئەم

بزووتنەوەیە کە ڕەوتی عەینی خەباتی چینایەتی ئەوانی خستۆتە بەرەی سیاسی چەپی کۆمەڵگاوە، نوێنگەیەکە کە کۆمۆنیستەکان دەتوانن بە بەشداریی خۆیان و گێڕانی ڕۆڵی چالاك هەوڵبدەن کە ئاسۆی سۆسیالیستی تێدا جێ بخەن. بە شداریکردن لەم بزووتنەوەیە ئەرکی نێونەتەوەیی سەرجەم کۆمۆنیستەکان لە هەموو ولاتاندایە و کۆمۆنیستەکان دەبێ هەوڵبدەن کە ئەم بزووتنەوەیە لە ڕێڕەوی دژایەتییەکی ئوسولی لەگەڵ ئامانجی ئیرتیجاعی شەڕی ئیمپریالیستی تێ بپەڕێنن و وزە و توانای بزووتنەوەی دژی شەڕ بەمەبەستی بەهێزکردن و هاوپشتی لەگەڵ جەریانی سۆسیالیستی و کرێکاری لە جیهانی سێهەم واتە تاکە هێزێك کە لە بواری عەینییەوە توانا و هێزی

**ل ٣**

بەگژداچوونەوەی لەگەڵ ئیمپریالیزم و هەم لە دژی بزووتنەوە ئیرتجاعییەکانی جیهانی سێهەم هەیە، هەڵخڕێنێ. ئەم کارە پێویستی بە سەرنج دانی چەند خاڵێك هەیە:

سەرەتا ئەوەی کە پێناسەی سیاسەتی نوێی ئیمپریالیستی تەنیا لەشکرکێشی و وەرچەرخان و بەرەو شەڕخوازی نییە بەڵکو هە وڵدانە بۆ دامەزراندنی ئارامی لە چەند ناوچەیەکی جیهان لە ڕێگای هێنانە سەرکاری هێندێك ڕژیمی کۆنەپەرست و ڕاستگە رایە کە بتوانێ بزووتنەوە دژی سەرمایەکان سەرکوت بکات. بەرەو پێش بردنی ئەم سیاسەتە لە هەموو شوێنێك پێویستی بە هێرش و لەشکرکێشی ئیمپریالیستی نییە، بۆیە دەبێ لێبراوانە لەگەڵ ئاکامەکانی کۆنەپەرستانە و ئیمپریالیستی شێوە جۆراوجۆرەکانی ئەم خەباتانە خەبات بکرێ.

دووهەم ئەوەی کە مەحکوم کێتێکی مەیلی جیهانی سێهەم خوازییەوە سەرچاوە بگرێ. جیهانی سێهەم دیاردەیەکی یەك دە ست، هاوئاهەنگ، بێ بەری لە چینەکان و بەدوور لە مەیلە سیاسییە جۆراوجۆرەکان نییە. گرتنەبەری هەڵوێستێکی ئەوتۆ ئەم مەترسییەی بە شوێنەوە دەبێ کە بەکردەوە بەرگری کردن لە ڕژیمە کۆنەپەرستەکانی جیهانی سێهەمی لێ دەکەوێتەوە.

چوارەم ئەوی کە ئەگەر قەبوڵمان بێ کە سیاسەتی شەڕی ئامریکا سیاسەتێکی ئیمپریالیستی بە چەمك و تێگەیشتنی لنینیانەی ئەو واتە سیاسەتی زاڵ بەسەر فازێکی دیاریکراو لە سەرمایەدارییە،کە وابوو کاریگەرترین ڕێگای پاشەکشێ پێکردنی ئەم سیاسەتە، هێرش کردنە سەر بنەما ئابوورییەکانی واتە خەبات لە دژی کاپیتالیزمە. بەمجۆرەیە کە لێرەشدا وەك مەسەلەی بزووتنەوەی دژی جیهانگیری، دژی شەڕ لەگەڵ دژی سەرمایەداری گرێ دەخوات و ئاوێتەی یەکتر دەبن. بە مجۆرە بزووتنەوەی دژی شەڕ چ لە ولاتانی پێشکەوتوو و چ لە جیهانی سێهەم دەبێ لە سەر پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان سیاسەتی شەڕەنگێزی و ئابووری سەرمایەداری پێداگری بکات.

پێنجەم ئەوەی کە گەورەترین سەرچاوەی دەسەلاتی هێزی بزووتنەوەی دژی شەڕ لە بزووتنەوەی کرێکاریدایە. چینی کرێکار دەتوانێ بە حوکمی بارودۆخی عەینی خۆی لە بەرهەم هێناندا، دژایەتی خۆی لەگەڵ شەڕ، بە خێرایی بکاتە نارەزایەتی و هێرش بۆ سەر سەرمایەداری. هەر لەم ڕووەوەیە کە بەشداریی چالاکانە لەم بزووتنەوەیەدا بۆ بنەمایی تر کردن و ڕادیکالیزە کردنی و زاڵبوون بە سەر کەم و کوڕییەکانی کە بریتییە لە تێڕاونینی بەرتەسك، تێگەیشتنی ئومانیستانە و هێندێك جاریش ناکارامە، زیاتر لە هەموان لە هێز و توانای کرێکارنی سۆسیالیست و ڕێکخراوە ڕادیکاڵەکانی دژی کاپیتالیستی دایە. بە

گشتی سەرجەمی ئەم بارودۆخە لە هەلومەرجێکدا کە حیزبە سۆسیال دێموکراتەکان لە چەند دەیەی رابردوودا بە گرتنە بەری هەنگاو بە هەنگاوی سیاسەت و ستراتێژی نیئولیبرالّی و روون بوونەوەی ناوەرۆکی بورژوازییان بە شێوەیەکی تەواو لە بەرە ی چەپ چوونە دەرەوە و لە لایەکی ترەوە ناوەرۆکی راستەقینەی حیزبە دەسەلاّتدارەکان بە ولاّتانی بەرەی رۆژهەلاّتی پێشوو، ئیتر بە تەواوی ئاشکرا بووە، بواری بەرچاوی گەشە و پێشرەوی سۆسیالیزمیان زیاتر لە هەر سەردەمێکی تر رەخساندوە. بێگومان ئەم پێشرەوییە بەپێی ستراتێژێکی روونی سۆسیالیستی بە ئاکام ناگات.

**درێژەی ئەم راپۆرتەلە ژمارەی داهاتوی پێشرەودا دەخوێیننەوە**

***